# ڕاگەیاندنی بارودۆخی نائاسایی نیشانەی بێدەسەڵاتی و خەسڵەتی سەرکوتگەرانەی حکومەتی یاوەرو عەلاویە!




2004-11-07

حکومەتەکەی عەلاوی بۆ ماوەی دوو مانگ بارودۆخی نائاسایی لە عێراقدا بێجگە لە کوردستان ڕاگەیاند. وا دیارە عەلاوی بیەوێت لەم ماوەی ئەم دوو مانگەدا، کە دوای ئەوە بە پێی ڕاگەیاندنەکانی خۆیان بریارە هەڵبژاردن دەست پێ بکات، بارودۆخی نائارامی و پشێوی ئەمنی تەواو بکات. بە خەیاڵی خۆی ئاسایشی هەڵبژاردن و مەسەلەی بەشداری خەڵك لەم هەڵبژاردنەدا دابین بکات، کە بایەخە سیاسیەکەی بۆ ئەمریکاو خودی حکومەتەکەی عەلاوی و هاومێزو کورسیەکانی، شەرعیەت وەرگرتنێکی ڕواڵەتی یە لە خەڵك بۆ دەسەڵاتەکەیان.

گوایە ڕواڵەتی مەسەلەکە ئاوایە کە لە کوردستان کێشەی ئەمنی لە گۆڕێ نی یە. زەمینەی بەشداری خەڵك بۆ هەڵبژرادنەکەی ئەوان ئامادەیە. کوردستان لەژێر دەسەڵاتی هاوپەیمان و هاوحکومەتەکەی ئەوان، یەکێتی و پارتیدایە و ئەمانیش خەریکن خەڵك بۆ ناو ئەم هەڵبژاردنە ڕا پێچ دەکەن، بە مەبەستی جێگیرکردنی کورسی وەزارەتخانەکانیان لە مەرکەزدا، کە هێشتا بە پێی تەبیعەتی خودی حکومەتی ناوەندی و بارودۆخی سیاسی تا ئێستای عێراق کاتین. لە باقی ناوچەکانی عێراقیشدا، ئەو تاقم و دەستە چەکداری یە ئیسلامی و پاشماوانەی بەعس کە ئێستا هۆکارێکی تێکدانی ئاسایش و ئارامی خەڵکن و سبەینێ دەبنە خەتەر لەسەر ئاسایشی هەڵبژاردن و بەشداری نەکردنی خەڵك، لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا پاگ دەکرێنەوەو والسلام!

وەکو هەر حکومەتێکی بۆرژوایی سەرکوتگەر کە لە دەورانی لەرزۆکی و تازە هاتنە سەرکاریدا باری نائاسایی لە وولاتدا ڕادەگەیەنێ بەمەبەستی داسەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت و حکومەتی خۆی و ترساندن و بێدەنگکردن و تەسلیمکردنی جەماوەر بە دەسەڵاتەکەی، حومەتەکەی عەلاوی و یاوەری سەرۆکی عەشیرەتی عێراقیش بە هەمان شێوە پەنای بۆ ئەو ئامرازە سیاسی و سەربازی و ئەمنیانە بردووە کە هەیبەت و دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەو داپیلۆسینەرانەی دەوڵەت و دەسەڵات دابین دەکات. لە ناوچەکانی عێراقدا بە بیانووی نەهێشتنی کوانووەکانی نائارامی یەوە بارودۆخی سەربازی و یاسای عورفی بەسەرکۆڵان و شەقام و کۆڵانەکانی شارو شارۆچکەکانی عێراقدا دەسەپێنێ. پێیان وایە دەبێت خەڵك ئامادەبن بۆ ئەوەی هەر ساتێك ئەوان عەقڵیان گرتی لە ماڵەکانیان نەیەنە دەرو نەچن بۆ سەر کار، دەرگای ماڵیان بخەنە سەر پشت بۆ حەملەکانی پشکنین، لەسەر گومان ڕا پێچی زیندان بکرێن، یان دەبێ بە شانازیەوە پێشوازی لەو موشەکی فرۆکەو گوللەهاوەن و فیشەکانە بکەن کە هێزەکانی "فرە ڕەگەز" و " پاسەوانانی نیشتمانی"و چەکدارەکانی حکومەتەکەی عەلاوی ئاراستەی سنگی خۆیان و مناڵەکانیان دەکەن و ماڵ و حاڵیانی پێ بەسەر یەکدا تێك دەدەن. ئەمانە بۆ ئەوەیە کە بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن خەڵك بتوانن لە ماڵەکانیان بێنەدەر بەرەو سندوقەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی عەلاوی و یاوەرو حەکیم و جەعفەری و هاوشێوەکانی دیگەیان لە خێڵی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی بکەنە سەردارو گەورەی خۆیان!

لە لایەکی دیکەشەوە هەر بەهەمان شێوازی دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکان ئینکاری لە مافی سادەی چەند ملیۆن ئینسان لە کوردستانی عێراق دەکەن بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی سیاسی خۆیان. خەڵکێك کە دەیان ساڵە لەلایەن ڕژێمە نەتەوەپەرستە عەرەبیەکانی عێراقەوە دەچەوسێنەوەو ڕووبەڕووی پاکسازی نەتەوەیی بوونەتەوە، بێئەوەی مافی ئەوەیان بۆ بەرەسمی بناسن کە بە مەیلی خۆیان دیاری بکەن کە لەعێراقدا دەژین یان جیادەبنەوە، بەزۆر ڕا پێچی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دەکەنەوە. پڕوپاگەندەکەشیان ئەوەیە کەگوایە یەکێتی و پارتی نوێنەری خەڵکی کوردستانن و ئەوانیش لە یاری کورسکورسیەکەی یاوەرو عەلاویدا بەشدارن. هەڵبەت یەکێتی و پارتی براگەورەیی ناسیۆنالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی عەلاوی و یاوەرو حەکیم و هاوشێوەکانیان قبوڵکردووە.

بێگومان نەبوونی ئاسایش و نائارامی و چەکەرەکردن و گەشەکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی و بوژانەوەی دەورونەخشی نۆکەرانی دەزگا ئیستخباراتی و ئەمنیەکانی ڕژێمی درندەی بەعس، و پەیدابوونی دەیان باندی ئینسانکوژو تاوانبار کەڕۆژانە سەری بارمتە مەدەنیەکان دەپەڕێنن و ژنان و ڕۆشنبیران و پەیڕەوانی ئاینەکانی غەیری ئیسلام دەکوژن و هەرەشە لە کەسانی ڕادیکاڵ و عیلمانی و کۆمۆنیست دەکەن و... تاد. هەموو ئەمانە

لەناو زەلكاوی جەنگ و داگیرکاری و تیرۆریزمی رەسمی و دەوڵەتی ئەمریکادا لە عێراق، یەك واقعیەتی تاڵ و تراژیدی ژیانی خەڵکی عێراقە بە تایبەتی لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا بێجگە لە کوردستان. بەڵام حکومەتەکەی عەلاوی خۆیشی بەشێکە لە سیناریۆی مەرگ و خوێنی تیرۆریزمی ئەمریکی لە عێراقدا. ئەمیش لایەنێکی ئەو جەنگە وەحشیانەیە کە لەدژی خەڵکی عێراق بەرێخراوە و رۆژانە دروێنەی گیانی پیرو لاوو منالی عێراقی دەکات. ئیسلامی سیاسی(بە هاوردەو خۆماڵیەوە)و پاشماوەکانی بەعس و هەموو ئەو زنجیرە تاوانبارانەی کە لەمانە بونەتەوە، تەرەفێکی بەرەی جەنگەگەیە و ئەمریکاو دەستوپێوەندەکانی لە حکومەتەکەی عەلاوی و یاوەردا تەرەفەکەی دیکەن.

دابینبوونی ئارامی و ئاسایش و بەشداری جەماوەری خەڵك لە ژیانی سیاسی و لە بەرێوەبردنی کاروباری سیاسی و دەوڵەتیدا،تەنها بەوە دابین دەبێت کە خەڵك ئازاد بێت. خەڵك ئازاد بێت لە بیرکردنەوەی سیاسییدا، لە بیروبۆچوونیدا، لە چالاکی سیاسی و کاری رێکخراوەیی و حیزبیدا، لە خۆرێکخستن و کۆبوونەوەو بریارداندا، لە خۆپیشاندان و رەخنەگرتن و نارەزایەتی دەربرِیندا،بەبێ ئەوەی هێزی چەك، میلیشیا، سەربازو ئەمن و ئاسایش هەرِەشەی لێ بکەن. هەر هێزو لایەنێك کە بە راستی باسی ئاسایش و ئیرادەو نەخشی خەڵك دەکات لە ژیانی سیاسیداو بروای پێیەتی، دەبێت بەرگری لە ئازادی سیاسی و ئەو مافانەی خەڵك بکات و بە رەسمی بناسێت و بۆی تێبکۆشێت و ئەگەر لە گۆشەیەکی جوگرافیدا دەسەلاتی بەدەست بوو پیادەی بکات و پەیرِوی لێ بکات. ئەگەر لایەنێك و دەسەلاتێك باسی دەنگ و رای خەڵك بکات،بەلام هیچ ئازادیەك بۆ خەڵك بە رەسمی نەناسێت و شمشێری یاسای عورفی و باری نائاسایی و منع التجول و پشکنین و گرتن و زیندانی و کوشتن و تەقەکردن لە خەڵك راوەشێنێ و مافی ریفراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان بە رەسمی نەناسێت، ئاشکرایە کە درۆ لەگەڵ خەڵك دەکات. گاڵتەی بە دەنگی خەڵك دێت. دەنگی خەڵکی بۆ خۆی و لەبەرژەوەندی خۆی دەوێت، دەنا ئەگەر بریارە خەڵك دەنگیان، راو بریاریان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بێت، ئەوا وەکو غازی یاوەر شمشێری رەگەزپەرستی عەرەبی نیشانی خەڵکی کوردستان دەدات.

تاڵەبانی و بارزانیش کە کوردستانیان بۆ نەخشەکەی یاوەرو عەلاوی ئارام کردوە، دەنگی خەڵکی کوردستانیان لە هەڵبژاردنی سەراسەریدا بۆ خۆیان دەوێت، بۆ قایمکردنی کورسیەکانیان لەلای حکومەتی داهاتووی ناوەند.دەنا بەقەدەر 15 جار تەمەنی حکومەتە کاتیەکەی یاوەرو عەلاوی، لە کوردستاندا حوکمیان کردوە،ئایا چ کاتێك حسابیان بۆدەنگی خەڵك کرد؟ چ حسابێکیان بۆ ژیان و بژێوی و گوزەرانی خەڵك کرد؟چ رێزێکیان لە ئیرادەو رای خەڵك گرت و لەکام هەڵویست و بریاری سیاسی‌دا، لەکام گۆشەی دەسەلات و چاودیریکردنی داهات و سامانی کوردستاندا حسابیان بۆ کردن؟ کامەیە ئەو ئازادیە سیاسیەی کە لە کوردستاندا بۆ خەڵك هەیە؟ دەبێ ژمارەی کارمەندەکانی ئاسایشی پارتی و یەکێتی و پاراستنی پارتی و دەزگای زانیاری یەکێتی و ئەو پارەو پولەی بۆیان خەرج دەکرێت لە داهاتی کوردستان چەند بێت، یان ئاخۆ چەند دەزگای چاودێری و سیخوری دیکەیان هەبێت بۆ سەرکوتکردنی ئازادای سیاسی و رفاندن و زیندانیکردن و تیرۆرگردنی هەڵسوراوانی سیاسی موخالیفی خۆیان؟

ئەمەیە سیناریۆی ئارامبوونی کوردستان و یاسای بارودۆخی نائاسایی عەلاوی لە عێراقدا، لە پێناو زەمینەسازکردن بۆ هەڵبژاردنی سەرتاسەری لەسەرەتای ساڵی نوێدا. ئەوەی گومانی تێدا نی‌یە ئەوەیە کە نە ئەیانەوێ وە نە ئەتوانن زەمینەی سیاسی ئازادانە بۆ بەشداری جەماوەر دابین بکەن. ئەوەی ئە نجامی دەدەن تەنها پرۆسەی کەنارخستنی سیاسی و سەرکوتکردنی خەڵکە بەناوی هەڵبژاردن و مافی خەڵکەوە..